# ڕۆلی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان
## تۆێژینەوەیەکی مەیدانییە بە وەرگرتنی بژاردەیەک لە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان لە شاری هەولێر بۆ ساڵی 2022

**ID No. 899**

(PP 80 - 104)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.5.6

**امیر سلیم محمد**
بەشی دارایی و بانک، کۆلێژی بەرێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
ameer.muhammed@su.edu.krd

**ادریس سلێمان عبدالله**
بەشی ئابووری، کۆلێژی بەرێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
idrees.abdullah@su.edu.krd

**وەگــــــرتن : 2023/01/17**
**پەسندکردن : 2023/02/19**
**بڵاوکردنەوە : 2023/10/15**

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشنابوون بە رادەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن تاکەکان و دیاریکردنی بەشداریکردنی ئەو تۆڕانە لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان. توێژینەوەکە پشت بە پرسیار نامە دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان بە وەرگرتنی نموونەیەک کە پێکهاتووە لە 174 تاکی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری هەولێر لە ساڵی 2022. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی باسکردنییە پشت دەبەستێ بە شێوازی ڕاپرسی. توێژینەوەکە بە چەند دەرەنجامێک گەیشتووە کە گرنگترینیان ئەمانەن؛ تاکی کورد گرنگی دەدات بەو لاپەڕانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە تایبەتن بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی باشیان هەیە لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری ئەوەن کە بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان زیاد ببێت لای تاکەکانەوە، ئەم تۆڕانە ئامرازێکی گرنگن فرۆشیاران دەتوانن بەرهەمە خۆماڵییەکان لە ڕێگەی ئەم تۆڕانە بڵاوبکەنەوە. توێژینەوەکە ژمارەیەک پێشنیاری پێشکەشکردووە گرنگترینیان، زۆر گرنگە حکومەت لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکانەوە هانی خەلک بدات پاڵپشتی بەرهەمی خۆماڵ بکەن. وا باشترە تاکەکانی کۆمەلگا ئەو تۆڕە کۆمەڵاتییانە بەکاربهێنن کە زیاتر پەرە بەرهەمە خۆماڵیەکان دەدەن لە ڕێی لایک کردن و کۆمینت نووسین لەسەری لەپێناو هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆئەوەی پەنا بۆ کڕینی بەرهەمە خۆماڵییەکان ببەن.

**وشە سەرەکییەکان:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمی خۆماڵی، برەودان، بازاڕبردنی بەرهەمەکان.

### 1. پێشەکی:

**1.1 دەستپێک:** پشت بەستن بە کاڵا و بەرهەمی بیانی کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ئابووری خۆماڵیی هەر وڵاتێک بەوپێیەی کە پاشەکشە بە ئابووری نیشتمانی دەکات و بڕێکی زۆری دراوی قورس دەچێتە دەرەوەی وڵات لەو کاتەی کەوا پێویستییەکی زۆر بەو دراوە هەیە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان و زیادکردنی بوژانەوەی کەرتە ئابوورییەکان و بەرهەمی خۆماڵیی بە گشتی. لەبەرئەوەی بەرهەمی خۆماڵیی بڕبڕەی سەرەکی پێشکەوتنی ئابووری و ناسنامەی ئابووری نیشتمانییە بەوپێیەی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە زیادکردنی داهاتی نیشتمانی و بەکارخستنی هێزی کار وکەمکردنەوەی بێکاری، بۆیە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت و پشتگیری بکرێت.

گومانی تێدانییە کوردستان بۆتە هەرێمێکی بەکارهێنەر بۆ چەندین بەرهەمی هاوردەکراو بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەهۆی لاوازی بەرهەمی خۆماڵیی و نەتوانینی کێبڕکێکردن لەگەڵ بەرهەمی هاوردەدا.

لەم ڕوانگەیەوە بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هات بۆ زانینی ئەو ڕۆڵەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕن لە پرۆسەی برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان.

**1.2 کێشەی توێژینەوە:** کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم پرسیارە سەرەکییەدا دەبینێتەوە؛ ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چییە لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟ وە ئەم پرسیارەش دوو پرسیاری لاوەکی لێدەبێتەوە کە ئەمانەن:

1. تا چ رادەیەک تاکەکان ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بەکاردەهێنن کە تایبەتن بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟
2. رادەی کارلێککردن و بەشداریکردنی تاکەکان چەندە لەگەڵ ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی تایبەتن بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟
3. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا چەند رۆڵیان هەبووە لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان و بەدەستهێنانی ئەو بەرهەمە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە؟

**1.3 گریمانەکانی توێژینەوە**: توێژینەوە گریمانی ئەوە دەکات کە:

1. بەشێکی بەرچاوی تاکەکان ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بەکاردەهێنن کە تایبەتن بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان.
2. تا رادەیەکی زۆر باش تاکەکانی کۆمەڵگا کارلێك و بەشداری دەکەن لەگەڵ ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی تایبەتن بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟
3. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە ناساندن و بەدەستهێنانی بەرهەمە خۆماڵییەکان لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە؟

**1.5 ئامانجی توێژینەوە: توێژینەوە هەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە:**

1. ئاشنابوون بە رادەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان.
2. دیاریکردنی رادەی کارلێککردن و بەشداریکردنی تاکەکان لەگەڵ ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی تایبەتن بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان.
3. ئاشنابوون بە رادەی بەشداریکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان و هاندانی جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەرهەمانە.

**1.4 گرنگی توێژینەوە:** گرنگی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە هەوڵدان بۆ دەرخستنی رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان و ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتی کڕینی تاکەکان بەرەو ئەو بەرهەمانە بە هۆی سوودە ئابوورییە بەرچاوەکانی بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پەرەپێدان و هاندانی زیاتری کارگە خۆماڵییەکان. بەو پێیەی کە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندی سەردەمییانە هەژمار دەکرێن لە پشتیوانیکردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان و ئاشنابوون بە خواستەکانی بەکاربەران و باشترکردنی جۆرێتی ئەو بەرهەمانە کە گونجاو بن لەگەڵ خواستەکانی بەکاربەری ناوخۆیی.

**1.6 چوارچێوەی توێژینەوە:** چوارچێوەی ئەم توێژینەوە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

1. **چوارچێوەی ماوەیی**: چوارچێوەی ماوەیی توێژینەوەکە پێکدێت لە (2022).
2. **چوارچێوەی شوێنی**: چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە شاری هەولێرە.

**1.7 ڕێباز و ئامرازەکانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی باسەنییە (وصفي) پشت دەبەستێ بە شێوازی ڕاپرسی. بۆ ئەو مەبەستەش، توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە پرسیار نامە وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە کێشەی توێژینەوە کە دابەشکراوە بەسەر (174) بەکارهێنەری تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری هەولێر کە بەشێوەیەکی ئۆنلاین (Google Form) و هەڕەمەکی پڕکراوەتەوە.

**2. لایەنی تیۆری:**

**2.1 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

**2.1.1 مانای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک پێگەی تۆڕی ئەنتەرنێتن کە لەگەڵ نەوەی دووەمی ماڵپەڕەکان دەرکەوتوون کە ڕێگە دەدەن بە پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکان لە ژینگەی کۆمەڵگەیەکی گریمانەیی کە بەهۆی کۆمەڵێک گرنگی پێدان کۆ دەکرێنەوە (وڵات، زانکۆ، قوتابخانە، کۆمپانیا، …هتد)، هەموو ئەمانە لەرێی خزمەتگوزاری پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ وەک ناردنی نامە یان سەیرکردنی دۆسییەکانی کەسی کەسانی دیکە و زانینی هەواڵ و زانیارییەکانیان ئەنجام دەدرێن (الشهري، 2012: 5). ئەم تۆڕانە ڕێگە دەدەن بە بەشداربوو پێگەیەکی تایبەت بە خۆی دروست بکات پاشان بەهۆی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەلیکترۆنی ببەستێتەوە بە بەکارهێنەرانی دیکە کە هەمان بەرژەوەندی و ئارەزوویان هەیە (أحمد، 2018: 11-47). جگە لەوەی کە تۆرەکان دەرفەتی قسەکردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بیروڕا وکێشەکان دەدات بە بەکارهێنەرەکانی لەرێی دۆسییەکانی کەسی و ئەلبوومەکانی وێنە و ژوورەکانی قسەکردن و …هتد (العنزي، 2017: 145-193). تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و بازاڕگەری لە نێویشییاندا ریکلام کردن پێشکەش دەکەن لەبارەی بەرهەمێک بۆ بەکاربەر لە رێی قسەکردنی خێرا و نامە تایبەتییەکان و پۆستی ئەلیکترۆنی و ڤیدیۆ و نووسین و بەشدارییپێکردنی دۆسییەکان بۆ یارمەتیدان بۆ بڕیاردانی کڕین لای کڕیار (القرشي والكيلاني، 2015: 2410-2442).

**2.1.2 جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جۆراوجۆرن، هەندێکیان کەسین، هەندێکی دیکە گشتین کە ئامانجی جیاجیایان هەیە وەک بازرگانی، هەندێکیان رۆشنبیرین، دروستکردن و هێنانەکایەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان بەکارهێنەران، بەجۆرێک وەک بنەمایەک بەکاردەهێنرێت بۆ بەرەوپێشەوەبردن و باشترکردنی بەهەمەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری نوێ (زعلان و آخرون، 2015: 1-25).

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ئەم بنەمایانەی خوارەوە بۆ چەند جۆرێک دابەش بکەین (سعايدية، 2016: 40-41) و (الصاعدي، 2011: 10):

1. **بنەمای بەکارهێنان و بایەخپیدان**: بە پێی ئەم بنەمایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش دەکرێن:
   - **تۆڕە کەسییەکان:** تایبەتن بە کەسایەتییەکان و کەس و گروپە هاوڕێیەکان، پێکهاتووە لە پرۆفایلی کەسێتی بەکارهێنەر و خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وەک نامەنووسی کەسی، هاوبەشیکردنی وێنە، فایلە دەنگی و ڤیدیۆییەکان، بەستەرەکان، دەق و زانیارییەکان لەسەر بنەمای پۆلێن بەندییە تایبەتەکانی پەیوەست بە خوێندن، کار یان مەودای جوگرافی وەک پێگەکانی (Facbook, Snapchat, Instagram, Youtube, Hi5, MySpace).
   - **تۆڕە کولتوورییەکان**: ئەم تۆڕانە تایبەتن بە هونەرێکی دیاریکراو کۆکردنەوەی بایەخپیدەرانی بابەتێک یا زانستێکی دیاریکراو وەک پێگەی library thing.
   - **تۆڕە پیشەییەکان:** گرنگی دەدەن بە خاوەن پیشە هاوشێوەکان و کۆیان دەکەنەوە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی کاریگەری پەروەردەیی و ڕاهێنان وەک linked in. ئەم تۆڕانە ڕێگەدەدەن بە بەکارهێنەر گێڕانەوەی ژیانیان (CV) بنووسێتەوە لە بواری خوێندن و کارەکەیدا؛ هەروەها ئەم تۆڕانە سەرنج دەخەنە سەر کارلێککردن و پەیوەندییەکان لە چوارچێوەیەکی بازرگانیدا.
2. **بنەمای خزمەتگوزاری و شێوازی پەیوەندیکردن**: بە پێی ئەم بنەمایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش دەکرێن:
   - ئەو تۆڕانەی ڕێگە بە پەیوەندی نووسراو دەدەن
   - ئەو تۆڕانەی ڕێگە بە پەیوەندی دەنگی دەدەن
   - ئەو تۆڕانەی ڕێگە بە پەیوەندی بینراو دەدەن
3. **بنەمای تایبەتی و گشتی**: بە پێی ئەم بنەمایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش دەکرێن:

- **تۆڕە تایبەتییەکان:** ئەم تۆڕانە لە کۆمەڵێک کەس پێکدێن نوێنەرایەتی کۆمەڵگەیەکی داخراو یان تایبەت دەکەن کە نوێنەرایەتی تاکەکانی ناو کۆمپانیایەک یان کۆمەڵگەیەک یان دامەزراوەیەک یان ڕێکخراوێکی پەروەردەیی دەکەن، کۆنترۆڵی بانگهێشتکردنی تەنها ئەم کەسانە دەکات نەک کەسانی دیکە بۆ چوونە ناو تۆڕەکە و بەشداریکردن لە چالاکییەکانی لە شێوەی نووسینەوە، ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوون و فایلەکان، ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکان، چوونە ناو گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و چالاکییەکانی دیکە، وەک تۆڕی (linked in).
- **تۆڕە گشتییەکان:** ئەم تۆڕانە بۆ هەموو بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەردەستە، بەڵکو بە تایبەتی بۆ ئەوە دروستکراون بەکارهێنەران بۆ تۆڕەکە ڕابکێشن و ڕێگە بە زۆرێک لە بەکارهێنەران بدەن بەشداری بکەن لە چالاکییەکانیدا وەک Facebook.

لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێک بنەمای دیکە هەن بەهۆیانەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش دەکرێن (معتوق، 2013: 162-194):

- **زمان:** ئەو تۆڕانەی بەردەستن بە زۆربەی زمانەکان وەک Facebook.
- **تێچوو:** جگە لە پێگە بێبەرانبەرەکان، هەندێک تۆڕی کۆمەڵایەتی هەن بۆ بەشداریکردن داوای پێدانی پارە دەکەن.
- **پسپۆڕی:** بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکرێت: گشتی و تایبەتمەند.
- **ناوەڕۆک:** پێگە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەکەیانەوە جیاوازن، جۆراوجۆرن لە دەق، و وێنە، ڤیدیۆکان.
- **قەبارەی دەق:** هەندێک لە پێگە کۆمەڵایەتییەکان کۆنترۆڵی قەبارەی ئەو دەقەیە دەکەن کە بەشداربووان دەینووسن وەک Twitter.

**2.1.3 گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نوێترین و باوترین بەرهەمی تەکنەلۆجیای گەیاندنن، سەرباری ئەوەی ئەم پێگانە لە بنەڕەتدا درووستبوون بۆ پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان، بەڵام بەکارهێنانیان درێژبۆتەوە بۆ گرتنەخۆی چالاکی و ڕووداوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکری لە ڕێی بەردەستکردنی زانیارییەکانی تایبەت بەو چالاکی و ڕووداوانە، وێرای داوەتکردن بۆ ئامادەبوونی کۆڕ و خۆپیشاندانەکان (Awad, 2011: 4). تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک ڕۆڵ دەگێڕن تاک و کۆمەڵگاکان سوودی لێ دەبینن (الرفاعي، 2012: 18):

1. ئاسانی یەکتر ناسین و پەیوەندیکردنی تاکەکان.
2. توانای دەربڕینی بیرورا و ئاراستەکان و پێشکەشکردنی بیرۆکەی جیاجیا و گفتۆگۆکردنیان.
3. فەراهەمکردنی دەرفەت بۆ زۆرێک لە تاک و کۆمەڵگاکان بۆ خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی داواکاری و کێشەکانیان و بەدەستهێنان و راکێشانی سۆزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.
4. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و خێرایی بەردەستکردنی زانیاری و هەواڵەکانی پەیوەست بەرووداوە سیاسییەکان و کاردانەوەکانیان.
5. پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە لەرێی ئاراستەکانی (کێ زانیاری بڵاودەکاتەوە و کێ سوودی لێ دەبینێت) لەگەڵ ئالۆگۆڕکردنی رۆڵەکان.
6. پەیوەندیکردن لەگەل رۆشنبیری و کەلتوری نوێ بۆ بەدەستهێنانی زانست و زیادکردنی رۆشنبیری.
7. کات بەسەربردن و چێژوەرگرتن بەهۆی ئەوەی ئەم تۆڕانە ڤیدیۆ و مۆسیقا و فیلم و شتی دیکەی لەخۆ گرتووە.
8. بازرگانی ئەلیکترۆنی و بەبازارکردن، زۆرێک لە کۆمپانیاکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرهەمەکانیان دەخەنەڕوو.
9. خۆدەربڕین، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی دید و کەسایەتی و بیرۆکە و بەرژەوەندی و ئارەزووی خاوەنەکەیەتی بەگشتی.

10. شکاندنی قۆرخکاری دەوڵەت لەسەر میدیاکان، بەو پێیەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیان ئەو سنووردارکردنانە بشکێنن ئەو وڵاتانە بەسەر میدیاکاندا سەپاندوویانە بۆ ئەوەی ئەو ناوەڕۆکە پەخش بکەن ئارەزووی وەرگرتنی ڕای گشتی دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی ئەم ڕۆڵ بینینەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە داواکاری لەسەر ئەو تۆڕانە زیادبووە، کە ئەمانە هەندێک لەو هۆکارانەن (القرشي والكيلاني، 2015: 2410-2442):

1. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی: دروستبووە لە ئەنجامی شێوازی ژیانی سەردەمییانە، بەشێوەیەک کە تاکەکانی خێزان لەدەرەوەی ماڵ کار دەکەن و لە هەمان کاتیشدا دەگەڕێن بە دوای کەسانێکدا بەشداربن لە بایەخ پێدانەکانیان.
2. بیروڕا: ئەم تۆڕانە ڕێگە بە کەسەکان دەدەن بە سەربەستی بیروڕا و پرسەکانیان دەرببڕن.
3. باشترکردنی بارودۆخی پیشەیی: هەندێ لە تۆڕەکان دەرفەرتی ئەوە بە تاکەکان دەدەن کارێکی گونجاو بەدەست بهێنن یاخود جێبەجێکردنی کارێک یا ئەرکێک ئاسان بکەن وەک پێگەی LinkedIn.
4. کۆکردنەوەی زانیاری و بەدەستهێنانی شارەزایی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی گەورەیان هەیە بۆ رۆشنبیران بەشێوەیەک وایان لێدەکەن بتوانن بە نوێترین ئاراستە و تەوژمی رۆشنبیری و بازرگانی ئاشنا بن وەک پێگەی IMedix.
5. ریکلام: ریکلامکردن نەک لەرێی گۆڤار و رۆژنامە و ئەنتەرنێت، بەڵکۆ لەرێی قسەکردنی خەڵک لەگەڵ یەکتر چونکە گەورەترین ریکلامی ورژێنەرە دەبێتە هۆی پەیداکردنی ئارەزوو لای کەسەکان بۆ زانینی ئەوەی خەڵک باسی دەکەن وهەوڵ دەدەن ئەو شتانە تاقیبکەنەوە.

**2.1.4 تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایتییەکان:**

1. **تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایتییەکان بۆ بەکاربەر:** تۆڕە کۆمەڵایتییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی باشی هەیە، ئەمانە گرنگترینیانن (العنزي، 2017: 145-193):
   - ئاسانی و خێرایی گواستنەوە لە نێوان پێگەکانی بازرگانیدا.
   - کەمی تێچوونی گەڕان بە داوی زانیارییەکانی تایبەت بە بەرهەمەکان.
   - زاڵبوون بەسەر کرداری کڕیندا.
   - کەمی کۆشش و ماندوو بوون لە کرداری کڕیندا.
   - تایبەتمەندی کرداری بازاڕکردن و تێکەڵنەبوونی کۆمەڵایەتی.
   - سەربەستییەکی تەواو لە بازاڕکردندا.
   - توانای هەلبژاردنی بەرهەمی گونجاو لە هەر شوێنێک بێت.
   - بەدەستهێنانی بەرهەمەکان بە باشترین نرخ.
2. **تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دامەزراوە و بازاڕکارەکان:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی گشتییان هەیە وەک بەشداریکردنی بەکارهێنەران لە پرس و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، کرانەوە بەرووی چونەژوورەوە و هاتنەدەرەوە (بەشداریکردنی) تاکەکان، گفتوگۆکردن و قسەکردنی دوو لایەنە، کۆکردنەوەی تاکەکان بۆ قسەکردن لە بارەی بابەت و پرسە جیاوازەکان. بەڵام لە رووی بازاڕگەرییەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم تایبەتمەندییانەیی خوارەوەیان هەیە (مليكة، 2016: 272 - 281):

1. زۆری ژمارەی بەکارهێنەران، و جۆراوجۆری بەرژەوەندی و گرنگیپێدان ورەگەزنامە و جیاوازی زمانیان.
2. ئاسانی پەیوەندیکردن بە بەکارهێنەران سەڕەرای دووری جوگرافی ئەمەش وا دەکات بازاڕکار بە ئاسانی بتوانێت کڕیاری چاوەڕوانکراو بە ئامانج بگرێت.
3. دامەزراوەکان بەهۆی ئەم تۆڕانەوە دەتوانن بانگەشە بۆ بەرهەمەکانیان بکەن لەرێی دەقی وێنە و ڤیدیۆیی ئەمەش وادەکات بەکارهێنەران زیاتر کارلێک بکەن لەگەڵ ئەو دامەزراوانە، دواتر دامەزراو باوتر دەبێت و ئەو بەکارهێنەرانەش

دەبن بە کڕیار. بەکارهێنانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی راست لە پرۆسەی بازاڕگەری کەلێکی زۆر دەدات بە دامەزراو کە فرۆشییەکانی زیاد دەبێت بازاڕێکی ئەلیکترۆنی نوێ بەدەست دەهێنێت.

4. دەرفەتی کارلێککردن ئاسان دەکات لەگەڵ بەکارهێنەران، بەشێوەیەک بازاڕکار دەتوانێت وەڵامی گست پرسیارو کارکردنەکانی پەیوەست بە دامەزراو و بەرهەمەکانی بداتەوە کە دەتوانن بە ئاسانی نامەکە بگەیێنن.
5. ئاسانی مامەڵەکردن لەرێی ئەم پێگانەوە و بەکارهێنانی لە هەر شوێن و کاتێک بە تێچوون و ماندووبوونی کەمتر.
6. بازاڕکار دەتوانێت توێژینەوەکانی بازاڕگەری ئەنجام بدات بۆ زانینی زەوق و پێداویستییەکانی بەکاربەران.

**2.2 برەوپێدان:**

**2.2.1 مانای برەوپێدان:** لەرووی چەمکەوە برەوپێدان هەماهەنگی نێوان کۆششی فرۆشیارە لە درووستکردنی دەرچەیەک بۆ زانیارییەکان و لە فرۆشتنی کاڵا یان خزمەتگوزاری یان پەسەندکردنی بیرۆکەیەکی دیاریکراو. برەوپیدان کۆمەڵێک پەیوەندی و گەیاندنن بەرهەمهێنەر دەیبەستێت لەگەڵ کڕیارانی چاوەڕوانکراو بۆ رازیکردنیان بەوەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان بکڕن (عثمان، 2018: 62). برەوپێدان پەیوەستە بەو چالاکیە جیاجیانەی کە تایبەتن بە ئاشناکردنی جەماوەری بە ئامانجگرتوو بە خزمەتگوزاریی و چالاکییەکانی ئێستا و داهاتووی پرۆژەکان (أحمد، 2018: 11-47). بەشێوەیەکی گشتی چالاکییەکی بازاڕکارییە خۆی دەبینێتەوە لە راستی پرۆسەی پەیوەندی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە رێی ئامرازەکانی پێکهاتەی برەوپێدان بۆ گەیاندنی نامەی دامەزراو بە بەکاربەران و هاندان و رازیکردنیان لەسەر کڕین بەرهەمەکانیان و بەردەوامبوونی پەیوەندی لەگەڵیاندا (الجنابي، 2011: 57).

**2.2.2 گرنگی برەوپێدان:** برەوپێدان لە رووی بازاڕکارەوە سێ رۆڵی بنەڕەتی هەیە کە ئەوانیش راگەیاندن و رازیکردن و بەبیرهێنانەوەی بەکاربەرانی ئێستا و چاوەڕوانکراو بەمشێوەیەی خوارەوە (الجنابي، 2011: 57-58):

1. **راگەیاندن:** هەر بەرهەمێک یا براندێکی بازرگانی چەند باشیش بێت ئەگەر خەلک بەوە نەزانێت بەردەستە لە بازاڕ سەرکەوتوو نابێت، چونکە کەناڵەکانی دابەشکردن دووردرێژن، بۆیە لەسەر دامەزراوە کە ناوەندکاران و کڕیاران ئاگاداربکاتەوە دەربارەی بەرهەمەکە.
2. **رازیکردن:** کێبڕکێی نێوان بەرهەمەکان فشارێکی زۆر دەخاتە سەر پرۆگرامەکانی برەوپێدان بۆ فرۆشیاران، تەنانەت ئەو بەرهەمەی دروست دەکرێت بۆ تێرکردنی پێویستییەکی فسیۆلۆجی بنەڕەتی پێویستی بە برەوپێدانی رازیکردنی بەهێز هەیە، ئەمەش بەهۆی هەبوونی جێگرەوەکانی دیکە کە دەکرێت لە نێوانیان هەلبژاردن بکرێت، بۆیە رازیکردنی بەکاربەر زۆر پێویست و گرنگە.
3. **بەبیرهێنانەوە:** پێویستە هەمیشە بەردەستبوونی بەرهەم و تواناکانی تێکردنی پێداویستییەکان بە بیر بەکاربەران بهێنرێتەوە، رۆژانە فرۆشیاران بازاڕ پڕ دەکەن بە هەزاران نامە بەوهیوایەی کڕیاری نوێ زیاد بکەن و بازاڕی نوێ بدۆزنەوە بۆ بەرهەمە نوێیەکانیان.

**2.2.3 برەوپێدان و پرۆسەی پەیوەندیکردن:** برەودان ئامانجییەتی بەکاربەران دەوڵەمەند بکات بە زانیاری لەبارەی دامەزراو و سروشتی بەرهەم و سیاسەتەکانی و کاریگەرییان لەسەر رەفتاری بەکاربەر و ئاراستەکانیان لەرێی توخمەکانی تێکەڵەی برەوپێدان یان فرۆشتنی کەسی و بڵاوکردنەوە و برەودان بە فرۆشتنەکان. لە باری ریکلامکردن لەبارەی کاڵایەکی دیاریکراو، ئەوا کارەکە تەنها بە ناردنی زانیارییەکان بۆ بەکاربەر کۆتایی ناهێت، بەڵکو پێویستە ئاراستەی جەماوەری دیاریکراو بکرێت و نامەکە بەو مانایەی مەبەستێت بگات. دەتوانین ئەمەش بزانین لەرێی کاردانەوەی بەکاربەران، ئایا نامەکە تێگەشتوون یان نا. لێرەدا کۆمەڵێک رێگە هەن بۆ گەیاندنی بەرهەمەکان بە بەکاربەر، ئەمانە گرنترینیانن (الرفاعي، 2012: 42) و (العلاق، 2010: 98):

1. **پەیوەندیکردنی راستەوخۆ:** گەیاندنی ڕاستەوخۆ ئەو گەیاندنەیە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندیگرتن و گەیاندن ئەنجام دەدرێت بە تاک و کۆمەڵە بە ئامانجگرتووەکان. وە پەیوەندیکردنی راستەوخۆ ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:
   - پەیوەندی و گەیاندنی دوو لایەنەیە لە نێردەر بۆ وەرگر و بە پێچەوانەشەوە.
   - ڕوودانی کاردانەوەی ڕاستەوخۆ.

- ئەگەری کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکانی گوازراوەیی هەیە بۆ وەرگر لەلایەن نێرەدەرەوە.

2. **دووەم: پەیوەندیکردنی ناراستەوخۆ:** پەیوەندیکردنی ناڕاستەوخۆ یا ئەوەی پێی دەوترێت پەیوەندی جەماوەری، باوترین جۆرە، چونکە لە نێوان هەردوو لایەنی نێردەر و وەرگر ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی ئامرازێکی میکانیکی یان تەکنەلۆژی دیاریکراوی وەک رۆژنامەگەری و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی سەردەمییانە (ئینتەرنێت). وە پەیوەندیکردنی ناڕاستەوخۆ ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

- باوبوونی بەرفراوان.
- خێرایی پەیوەندیکردن.
- بە چڕی بەکارهێنان بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی زیاتر.
- کەمی تێچوون بەراورد بە پەیوەندکردنی ڕاستەوخۆ.

### 2.3 بەرهەمە خۆماڵییەکان:

**2.3.1 مانای بەرهەمە خۆماڵییەکان:** زاراوەی بەرهەم ئاماژەیە بۆ هەر کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەک کە کۆمپانیا پێشکەشی بازاڕی بە ئامانجگرتوو دەکات بەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی بازاڕ ئارەزووی دەکات، بە کوالێتی گونجاو بە ئارەزووی بەکاربەران (مخلوف، 2019: 15). یاخود بەرهەم هەر شتێکە بەهای هەبێت بۆ کڕیار کە پێویستی و ئارەزووەکانی تێر بکات و بتوانێت بەدەستی بهێنێت لەڕێی کرداری ئاڵوگۆڕکردنی بازاڕ (هادية،2021: 55). بەگشتی بەرهەم هەر شتێکە بخرێتەڕوو لە بازاڕ و توانای تێرکردنی پێویستییەکان دیاریکراوی هەبێت کە دامەزراوەکان دەخەنە بازاڕ چ بەرجەستە بێت یان نابەرجەستە، مادی بێت یان مادی نەبێت، کە کۆمەڵێک کەلکی لەخۆی کۆکردۆتەوە وە دەکرێت کاڵا بێت یان خزمەتگوزاری یان بیرۆکە (محمد وطارق، 2022: 163-176). کەواتە بەرهەم تەنها شتە مادديیەکان وەک کاڵا بە هەمو جۆرەکانییەوە ناگرێتەوە (کاڵای خۆراکی، ئۆتۆمبێل، کەلوپەلی ناومال، ئامێرەکانی کارەبایی ناوماڵ) بەلکو شتە ناماددییەکانیش دەگرێتەوە وەک خزمەتگوزارییەکانی دوای فرۆشتن و گەیاندن و دەستەبەری (خضر، 2020: 1).

هەرچی بەرهەمە خۆماڵییەکانن، ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانە دەگرێتەوە لە ناو وڵات بەرهەم دەهێنرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە زۆری ساڵێکە (كلين، 2008: 48-49). جا لەوانەیە لە بازارەکانی ناوخۆیی بەکاربهێنرێن یان بنێردرێنە دەرەوە (Belton, 2011: 3). زۆرجار ئەم بەرهەمانە بە پێوەری ئاستی ژیانی وڵاتێک دادەنرێت (القرشي والكيلاني، 2015: 2410-2442). ئەمە جگە لەوەی ڕەزامەندی بەکاربەرانیش بەدەستدەهێنن چونکە پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بەدی دێنن (Santhosh, 2021: 2).

**2.3.2 هۆکارەکانی پێباشتربوونی بەرهەمە هاوردەکان:** بەشێوەیەکی گشتی هاوڵاتی لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە بەرهەمی هاوردەیان پێباشترە لە بەرهەمی خۆماڵی (نعيم، 2017: 46):

1. لەوانەیە کوالێتییەکەی باشتر بێت.
2. لەوانەیە نرخەکەی کەمتر بێت.
3. لەوانەیە خۆبەزلزانین و شانازی پێیانەوە کردن بێت.
4. لەوانەیە ڕاهاتن بێت لە بەکارهێنانیان.

لە بازاڕەکانی عێراقیشدا، باڵادەستبوونی ڕواڵەتی نرخی کێبڕکێی بەرهەمە هاوردەکراوەکان کە بەکاردەهێنرێت بۆ پێباشتربوونی نێوان ئەوان و بەرهەمە خۆماڵییەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار کە بەشدارن لە دابەزینی پێگەی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە بازاڕەکانی عێراقدا، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن (الخياط، 2020: 3):

1. سیاسەتی نغرۆکردنی کاڵایی (الاغراق السلعی) و ئەو جیاکارییە نرخەی هەناردەکارانی بەرهەم بۆ بازاڕی عێراق پەیڕەو دەکەن.
2. دابەزینی ڕۆڵی باجی گومرگی لە عێراق لە دوای ساڵی 2003، وەك ئامرازێکی گرنگ لە سنووردارکردنی هاوردەکردن و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵیی.

3. کەمبوونەوەی پاڵپشتی حکوومەت بۆ کۆمپانیا پیشەسازییەکانی کەرتی گشتی و دواکەوتنی ڕێوشوێنەکانی دوبارە داڕشتنەوەی پەیکەری و کارەکانی نوێکردنەوە و ئامادەسازکردن کە ئەو کۆمپانیایانە پێویستیان پێیە، ئەمەش بووەتە هۆکاری تووشبوونی ئەو کۆمپانیایانە بە چەندین کێشە کە ڕەنگدانەوەیان هەبووە بەسەر  توانای کێبڕکێیان.

هەرچی ئەو هۆکارانەی پاڵ بەبەکاربەرەوە دەنێن بەرهەمی خۆماڵییان پێباشتر بێت لە بەرهەمی هاوردە، ئەوا ئەمانەن (نعیم، 2017: 47):

1. فەراهەمی و بەردەستبوونی هەمیشەیی لە بازاڕدا لەگەڵ ئەگەری چاککردنەوە یان گۆڕینی بە ئاسانی.
2. ئەگەری کەمبوونەوەی زۆر کەمە لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە وەبەرهێنەر ئێتێکی بازاڕی نموونەیی هەیە.
3. هەستکردن بە شانازی لەڕووی توانای تاک بۆ بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی کاڵای خۆماڵیی بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.
4. بەرهەمی خۆماڵی بەشداری دەکات لە ڕەخساندنی دەرفەتی کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری.
5. هەنگاوێکە بەرەو سەربەخۆیی ئابووری و دواتر بەدەستیهێنانی هێزێکی سیاسی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسی.
6. پاڵدەنێت بە ڕەورەوەی ئابووری و بەشداری دەکات لە سووڕانەوەی پارە لە ئابووری خۆماڵییدا.
7. چوونەدەرەوەی پارە سنووردار دەکات و وەبەرهێنانی زیاتر بۆ وڵات ڕادەکێشێت.

**2.4 کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتار و بڕیاردانی کڕینی بەکاربەر:**

**2.4.1 ڕەفتاری بەکاربەر:** بەکاربردن بریتییە لە بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی سوود (العنزي، 2017: 145-193). هەرچی بەکاربەرە، ئەوا ئەو کەسەیە کاڵایەک یا خزمەتگوزارییەک دەکڕێت لە بەرهەمهێنەرێک یان فرۆشیارێک بۆ بەکاربردنی یان بەکارهێنانی، یان ئەو کەسەیە هەڵدەستێت بە بەکاربردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی (الطيب وهادية، 2018: 1-22).

ڕەفتاری بەکاربەر ئەو ڕەفتارەیە بەکاربەر پێی هەڵدەستێت کاتێک دەگەڕێت بەدوای کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و دەیانکڕێت و بەکاریان دەهێنێت هەڵیان دەسەنگێنێت و خۆیان لێ ڕزگار دەکات دوای بەکارهێنان وە ئەوەی لێیان چاوەڕوان دەکرێت بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی  (محمد وطارق، 2022: 163-176). ئەمە جگە لەوەی ڕەفتاری بەکاربەر سەرنج دەخاتە سەر چۆنیەتی بڕیاردانی تاکەکان بۆ خەرجکردنی دەرامەتە بەردەستەکانیان (کات، پارە، کۆشش) لەسەر توخمەکانی پەیوەست بە بەکاربردن ( Liow et al., 2014 709-715).

**2.4.2 بڕیاردانی بەکاربەر بۆ کڕین:** پرۆسەی بڕیاردانی کڕین بریتییە لە کۆمەڵێک قۆناغ کە بەکاربەر دەیگرێتەبەر بۆ ئەوەی کێشەیەک چارەسەر بکات پەیوەستە بە تێرکردنی پێویستییەکی تایبەت بە خۆی (حميدة وعبدالمجيد، 2020: 1-14). ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لە پێنج هەنگاو پێکدێت بریتین لە؛ ناسینەوەی پێویستی یان کێشە، گەڕان بەدوای زانیاری، هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکان، کڕین، و پرۆسەی دوای کڕین. جگە لە پرۆسەکانی بڕیاردان، لایەنی زیاتر هەیە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران دەکەن کە کاریگەری دەرەکی و خۆماڵیین. کاریگەرییە دەرەکییەکان چینایەتی کۆمەڵایەتی و گروپە بۆگەڕاوەکان (جماعات مرجعية)ن، لە کاتێکدا هۆکارە خۆماڵییەکان بریتین لە پاڵنەر، بەرکەوتن (ڕووبەرووبوونەوە)، سەرنجدان، پەی پێبردن و هەڵوێست (Frimpong, 2011: 277-280).

**2.4.3 کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هاندانی ڕەفتاری بەکاربەر:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی سەردەمی نوێ دادەنرێن کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتار و دروستکردنی کولتوری ئابووری بەرەو هاندانی بەرهەمی نیشتمانی بەوپێیەی میکانیزمێکە بۆ پەیوەندی نێوان بەکاربەر و بەرهەمهێن (نعیم، 2017: 48). بەهۆی بەردەوام ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانی تایبەت بە بەرهەمەکان لەلایەن تاکەکانەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، راکانیان هێزێکی زیاتریان پێدەدات لە بڕیارەکانی کڕینیاندا ئەم زانیارییانەش متمانەیەکی زیاتر دەدات بە بەکاربەران. بەم پێیەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر خەسڵەت

و تایبەتمەندی فەراهەم دەکەن بۆ بەکاربەر وەک؛ کەمکردنەوەی کات، بەدەستهێنانی زانیاری بەشێوەیەکی باشتر، جێی متمانەتر، بە تێچوونی کەمتر، وە پەیوەندیکردنی باشتر لەگەڵ دامەزراوەکان (شباح و سعداوي، 2019: 234-250).

زۆر لە کۆمپانیا تایبەتمەندەکانی بواری بازاڕگەری ئەلیکترۆنی هەستاون بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ریکلامکردن و برەودان بە بەرهەمەکان، هەروەها بەهۆیانەوەش کاریگەری لە بڕیاردانی کڕینی بەکاربەر بکەن. بە جۆریک ئەم کۆمپانیایانە هەڵدەستن بە بەرێوەبردنی هەڵمەتە ریکلامییەکانیان بەهۆی جۆراو جۆری توێژی بەکارهێنەرانی هەر یەکە لە تۆڕەکان و دەرامەتەکان و ئەو داتایانەی بەردەستن. بەم پێیەش بێت گەیشتن بە توێژێکی دیاریکراو کەسەکان و بە ئامانج گرتنیان بە ریکلامێکی کۆک لەگەڵ گرنگی پێدانەکانیان کارێکی ئاسان و وردە (القرشي والكيلاني، 2015: 2410-2442). سوودی ڕاستەقینەی بڕیاری کڕین لەسەر ئەم تۆڕانە سەرچاوە دەگرێت لە فرەیی ئەو توێژانە کە ئەم خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی گەورە و بەردەوام و چڕ بەکاردەهێنن، هەروەها ئەو بەکاربەرەی ئارەزووی کڕین دەکات لەرێی ئەو پێگانە دەتوانێت بەشێوەیەکی زۆر ورد بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان ببینێت (حميدة وعبدالمجيد، 2020: 1-14).

**2.4.4 کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بڕیاری کڕینی:** بەبازاڕکردن لەرێی پێگەکان یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی و بلۆگەکان و هەر ئامرازێکی تری بەشداریکردنە لەسەر ئەنتەرنێت بە ئامانجی بەبازاڕکردن، یان فرۆشتن، یان پەیوەندییە گشتییەکان، یان خزمەتگوزاری کڕیارەکان، ئەم ئامرازانە رێگە دەدەن بە کڕیارەکان کارلێک بکەن (تفاعل) لەگەڵ کۆمپانیاکانی بازرگانی لە جیاتی ئەوەی کە تەنها ئامانج بن بۆ ئامرازەکانی تاک لایەنەی ئەو کۆمپانیایانە، رێگە دەدەن بە دامەزراوەکان کەناڵەکانی پەیوەندی قسەکردن و رووبەروو بکەنەوە لەگەڵ کڕیارەکانیاندا (كاتب، 2011: 23). ئەوەش چالاکییەکی دیکەی تێکەڵەی بازاڕگەرییە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتیەکانی و ئامانجی خوازراوی دامەزراو بە گشتی لەرێی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و لەپێشەوەی هەمووان تۆڕی ئینتەرنێت و مۆبایلە زیرەکەکان و ئەو ئەپلیکەیشنانەی تێیدا بەکاردەهێنرێن (النقشبندي، 2021: 63-79).

تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بەوە لە پێگەکانی دیکەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت جیادەکرێنەوە کە ئەو توانایە بە بەکارهێنەران دەدەن بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و کۆنترۆڵکردن و ڕەخنەگرتن و پۆلێنکردن و کارلێککردن بکەن لەگەڵ بەرهەمەکان بە شێوەی ئۆنلاین، وە ئەوەی وایکردووە ئەو تۆڕانە زۆر بڵاوببنەوە لەنا و خەڵک ئەو راستییەیە بەکاربەران دەتوانن کارلێک بکەن و زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن، بڵاوبوونەوەی فراوانیان وایکردووە دامەزراوەکان هەوڵ بدەن پێگەی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزن لەرێی ناساندنی بەرهەمەکانیان، دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ بۆ کارلێککردن لەگەڵ کڕیاران، و دروستکردنی پەیوەندی و ڕەفتاری نوێ کاریگەری لەسەر نیازی کڕینی بەکاربەران هەبێت بەوپێیەی سەکۆیەکی نوێ و بەسوودە بۆ پێشکەشکردنی زانیارییەکان (خاف الله و قتاتلية، 2019: 67-68).

هەروەها بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی دامەزراو و بەبازاڕکردنەکەی و پەیوەندیکردن لەگەڵ کڕیاران و گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی کڕیاران و زیادکردنی فرۆشتن و ئاشناکردنی کڕیاران بە بەرهەم و براندی کۆمپانیاکە. وە ڕێگە بە دامەزراوەکە دەدات دەرگای پەیوەندی لەگەڵ ئەو کڕیارانە بکاتەوە و بە بەردەوامی پەیوەندی بگرن لەگەڵ ئەواندا، هەروەها بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی لێهاتوویی نوێ و ناسینی کارمەندان لە ڕێگەی پەیجەکانی خۆیانەوە لەسەر ئەو تۆڕانە (إسماعيل وأحمد، 2019: 35-48).

### 3. لایەنی پراکتیکی توێژینەوە:

**3.1 تایبەتمەندییە کەسییەکانی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** لێرەدا توێژینەوە ئەنجامەکانی تایبەت بە تایبەتمەندییە کەسییەکانی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شیدەکاتەوە هەروەک لە خوارەوە هاتووە:

خشتەی (1) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گوێرەی تایبەتمەندییە کەسییەکان

| تایبەتمەندییەکان | توێژ | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی (%) |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 137 | 78.74 |
| | مێ | 37 | 21.26 |
| | **سەرجەم** | **174** | **100** |
| تەمەن (ساڵ) | کەمتر لە (20) | 1 | 0.57 |
| | (24-20) | 31 | 17.82 |
| | (29-25) | 27 | 15.52 |
| | (34-30) | 41 | 23.56 |
| | (39-35) | 31 | 17.82 |
| | (44-40) | 26 | 14.94 |
| | (49-45) | 10 | 5.75 |
| | (50) و زیاتر | 7 | 4.02 |
| | **سەرجەم** | **174** | **100** |
| ئاستی خوێندن | ئامادەیی | 6 | 3.45 |
| | دبلۆم | 12 | 6.9 |
| | بەکالۆریۆس | 102 | 58.62 |
| | ماستەرو دکتۆرا | 54 | 31.03 |
| | **سەرجەم** | **174** | **100** |
| پیشە | فەرمانبەر | 97 | 55.7 |
| | خاوەن کار | 19 | 10.9 |
| | قوتابی | 17 | 9.8 |
| | خانەنشین | 1 | 0.6 |
| | بێکار | 16 | 9.2 |
| | هی دیکە | 24 | 13.8 |
| | **سەرجەم** | **174** | **100** |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

لە خشتەی (1) دا بە دیاردەکەوێت، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن (78.74%) بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕەگەزی نێرن، لە کاتێکدا (21.26%) ئەو بەکارهێنەرانە لە ڕەگەزی مێن. ئەمەش شتێکی ئاساییە و دەگونجێت لەگەڵ ڕەوشی راستەقینەی کۆمەڵگای کوردی، بەوپێیەی ڕەگەزی نێر سەربەستییەکی زیاتری هەیە بەراورد بە ڕەگەزی مێ لە بواری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

لەبارەی تەمەنی باەکارهێنەرانەوە، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە (23.56%) ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەمەنیان لە نێوان (30-34) ساڵدایە بەرزترین ڕێژەیە. بەڵام تەنیا (0.57%) ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەمەنیان کەمترە لە (20) ساڵ. ئەم ئەنجامانەش لەگەڵ ڕەوشی راستەقینەی کۆمەڵگا دەگونجێت، بەومانایەی زۆرترین بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە توێژی گەنجان بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی 25 ساڵیدایە، چونکە ئەمانە زیاتر ڕاهاتوون لەگەڵ بەکارهێنانی تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکردن لەگەڵیاندا. ئەمە جگە لەوەی کە متمانە بە راپرسییەکە زیاتر دەکات بەو پێیەی بەرزترین رێژە خوێندەوارن و لە تەمەنی کامڵییدان.

پەیوەست بە ئاستی خوێندنی بەکارهێنەران، بەپێی ئەنجامەکان (58.62%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن. هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆراش بە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (31.03%). لە پلەی کۆتاییدا ئەوانە دێن قۆناغی ئامادەییان تەواوکردووە بە ڕێژەی (3.45%). ئەم ئەنجامانەش دەگونجێن لەگەڵ راستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا، بەو پێیەی زۆرترینی بەکارهێنەرانی ئەو تۆڕانە ئەوانەن لە قۆناغی ئامادەیی وبەسەرەوەی خوێندندان تاکو بەکالۆریۆس توێژی گەنجن و زیاتر کارلێک و ئالودە دەبن بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

تایبەت بە پیشەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەپێی ئەنجامەکان (55.7%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فەرمانبەری حکومین. وە بە پلەی دووەم ئەوانە دێن کە خاوەن کاری تایبەت بە خۆیانن بە ڕێژەی (10.9%). هەروەها کاتێکدا (9.8%)ی بەکارهێنەران لە توێژی قوتابیانن. وە (9.2%)ی ئەو بەکارهێنەرانە کەسانی بێکارن. لە کاتێکدا تەنها (0.6%) ئەوانە فەرمانبەری خانەنشینن. وە (13.8%)ی بەکارهێنەرانیش ئەوانەن کە کارو پیشەی دیکە ئەنجام دەدەن. ئەم ئەنجامانەش گونجاون لەگەڵ ڕەوشی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان بەومانایەی کە زۆربەی هاوڵاتیان لە بواری کەرتی گشتیدا (فەرمانبەری حکومی) کار دەکەن. ئەمە جگە لەوەی رێژەی بێکاری بەرزە بەهۆی ئەو بارۆدۆخە ئابوورییە سەختەی هەرێمی کوردستان و جیهان پێیدا تێپەڕی لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دروستبوونی قەیرانی دارایی.

### 3.2 بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

**3.2.1 تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەکارهێنراوەکان:** زۆربەی هەرە زۆری بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەکاردەهێنن، هەروەک لە خشتەی (2) بەدیاردەکەوێت:

خشتەی (2) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گوێرەی تۆڕە کۆمەڵاتییە بەکارهێنراوەکان

| بەکارهێنان | دوبارەبوونەوە | رێژە (%) |
|---|---|---|
| فەیسبوک | 137 | 41.9 |
| تویتەر | 12 | 3.67 |
| یوتیوب | 41 | 12.54 |
| ئینستاگرام | 61 | 18.65 |
| تیک تۆک | 26 | 7.95 |
| سناپ چات | 41 | 12.54 |
| هی دیکە | 9 | 2.75 |
| **سەرجەم** | **327**[1] | **100** |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە (41.9%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەکاردەهێنن. وە (18.65%)ی بەکارهێنەران ئینستاگرام بەکاردەهێنن. لە کاتێکدا (12.54%)ی بەکارهێنەرانیش هەریەکە لە تۆڕەکانی یوتیوب و سناپ چات بەکاردەهێنن. هەروەها (7.95%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش تیک تۆک بەکاردەهێنن. وە تەنها (3.67%)ی تۆڕە کۆمەڵایەتی تویتەر بەکاردەهێنن. زۆری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فەیسبوک و ئەوانی دیکە جگە لە تویتەر رەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت ئەو تۆڕانە گشتگیرترن و بەکارهێنەران دەتوانن زیاتر چێژیان لێوەرگرن و خۆشی و ڤیدیۆ و گردبوونەوە و تایبەتمەندیەکانی دیکەی تێدایە.

[1] بەکارهێنەران زیاتر لە وەلامێکیان هەڵبژاردووە

**3.2.2 کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**: بەگوێرەی زۆربەی بەکارهێنەران لە رۆژێکدا (1-3) کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، هەروەک لە خشتەی (3) دا هاتووە:

خشتەی (3) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گوێرەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان

| کاتژمێرەکانی بەکارهێنان | دوبارەبوونەوە | رێژە (%) |
|---|---|---|
| کەمتر لە (1) کاتژمێر | 22 | 12.64 |
| (1-3) کاتژمێر | 73 | 41.95 |
| (4-6) کاتژمێر | 36 | 20.69 |
| (6) کاتژمێر و زیاتر | 8 | 4.60 |
| دیاریکراو نییە | 35 | 20.11 |
| **سەرجەم** | **174** | **100** |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە (41.95%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە رۆژێکدا (1-3) کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. بەڵام (20.69%)ی بەکارهێنەران لە رۆژێکدا (4-6) کاتژمێر ئەم تۆڕانە بەکاردەهێنن. وە (20.11%)ی بەکارهێنەرانیش پێیانوایە دیاریکراو نییە لە رۆژێکدا چەند کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. هەروەها (12.64%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە رۆژێکدا کەمتر لە کاتژمێرێک ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بەکاردەهێنن. لە کاتێکدا (12.64%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە رۆژێکدا (6) کاتژمێر و زیاتر ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بەکاردەهێنن. زۆری کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای زۆربەی زۆری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەردەستبوونی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت لە گشت شوێنەکان و تەنانەت لە ماڵەکانیش وتوانای بەکارهێنانیان لە رێی مۆبایلەوە، تاکەکان هەر کاتێک بیانەوێت و بە گوێرەی ئەو کاتەی بەردەستییانە ئەو تۆڕانە بەکاردەهێنن.

**3.2.3 مەبەستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**: زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی پەیداکردنی زانیارییەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، هەروەک لە خشتەی (4) دا بەدەردەکەوێت:

خشتەی (4) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گوێرەی مەبەستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان

| مەبەستی بەکارهێنان | دوبارەبوونەوە | رێژە (%) |
|---|---|---|
| پەیوەندیگرتن لەگەڵ خزم و هاورێیان | 73 | 21.22 |
| پەیداکردنی زانیاری | 110 | 31.98 |
| خوێندن و توێژینەوە | 44 | 12.79 |
| ریکلام و ئابووری | 15 | 4.36 |
| فێربوون و وەرگرتنی ئەزموون | 57 | 16.57 |
| کڕینی کاڵا و بەرهەمەکان | 24 | 6.98 |
| چێژوەرگرتن | 0 | 0 |
| هی دیکە | 73 | 6.1 |
| **سەرجەم** | **344**[2] | **100** |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

[2] بەکارهێنەران زیاتر لە وەلامێکیان هەڵبژاردووە

لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە (31.98%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی پەیداکردنی زانیاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. لە بەرامبەردا (21.22%)ی بەکارهێنەران ئەم تۆڕانە بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ خزم و هاوڕێیان. لە کاتێکدا (16.57%)ی بەکارهێنەران بۆ فێربوون و وەرگرتنی ئەزموون تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. لەلایەکی دیکەوە (12.79%)ی بەکارهێنەران بۆ خوێندن و توێژینەوە تۆڕەکان بەکاردەهێنن. هەروەها (6.98%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ کڕینی کاڵا و بەرهەمەکان. کەچی تەنها (4.36%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ریکلامکردن و کاری ئابووری ئەو تۆڕانە بەکاردەهێنن. ئەم ئەنجامانەش ئەوە دەگەیێنن تاکی کورد وەک پێویست سوودی لەو تۆڕانە نەبینیوە بۆ بەدەستهێنانی کاڵاکان و زیادکردنی فرۆشی بەرهەمەکان، رەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە دوو دڵ و ڕاڕا بن لەبارەی راستی و دروستی ئەنجامدانی ئەو کارانە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

**3.3 گرنگیدان بە لاپەڕەکانی برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان:** لێرەدا توێژینەوە ئەنجامەکانی تایبەت بە گرنگیدان بە لاپەڕەکانی پەیوەست بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان شیدەکاتەوە، هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیارە:

خشتەی (5) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گوێرەی بە گرنگیدان بە لاپەڕەکانی برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان

| برگەکان | پێوانە | وەڵامەکان | | | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | تا رادەیەکی زۆر | تا ڕادەیەک | نەخێر | | |
| ئایا پێویستە تاکەکان گرنگی بدەن بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟ | دوبارەبوونەوە | 103 | 52 | 19 | 2.48 | 0.47 |
| | ڕێژە (%) | 59.20 | 29.89 | 10.92 | | |
| ئایا گرنگی دەدەی بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟ | دوبارەبوونەوە | 58 | 87 | 29 | 2.17 | 0.47 |
| | ڕێژە (%) | 33.33 | 50 | 16.67 | | |
| ئایا لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان بەسەردەکەیەوە؟ | دوبارەبوونەوە | 39 | 91 | 44 | 1.97 | 0.48 |
| | ڕێژە (%) | 22.41 | 7.75 | 25.29 | | |
| **تێکڕا** | | | | | **2.21** | **0.49** |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە (59.2%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوەدان تا ڕادەیەکی زۆر پێویستە تاکەکان گرنگی بدەن بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان. وە (50%)ی بەکارهێنەران لەگەڵ ئەوەدان تا ڕادەیەک گرنگی دەدەن بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان. کەچی (44%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان بەسەرناکەنەوە.
بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گرنگی دەدەن بەو لاپەڕانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە تایبەتن  بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، بەوپێیەی ناوەندە هەژمارییەکەی دەگاتە (2.21) و زیاترە لە (2) بە لادانی پێوەریی کە (0.49) ە. ئەمەش پەرۆشی هاوڵاتیان پیشان دەدات بۆ زیادبوونی بەرهەمە خۆماڵییەکان و ڕادەی بەکاربردنیان.

**3.4 شێواز و مەبەستی گرنگیدان بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بەرهەمە خۆماڵییەکان:**

**3.4.1 شێوازی گرنگیدان بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بەرهەمە خۆماڵییەکان:** زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێی بەسەرکردنەوەوە گرنگی بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، هەروەک لە خشتەی (6) دا هاتووە:

خشتەی (6) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی شێوازی گرنگیدان بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بەرهەمە خۆماڵییەکان

| شێواز | دوبارەبوونەوە | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| بەسەرکردنەوەی لاپەڕەکان | 107 | 57.84 |
| کارلێککردن لەگەڵ لاپەڕەکان | 38 | 20.54 |
| هی دیکە | 40 | 21.62 |
| **سەرجەم** | **185**[3] | **100** |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە (57.84%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو لاپەڕانە بەسەردەکەنەوە کە گرنگی بە برەودانی بەرهەمە خۆماڵییەکان دەدەن. وە (20.54%)ی بەکارهێنەران کارلێککردنیان هەیە لەگەڵ ئەو لاپەڕانەدا. کەچی (21.62%)ی بەکارهێنەرانی نموونەکە نە ئەو لاپەڕانە بەسەردەکەنەوە نە کارلێکیشیان هەیە لەگەڵیاندا. بەشێوەیەکی گشتی زۆرترین بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانەن لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان بەسەردەکەنەوە ئەگەر بۆ هەندێکجاریش بێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی پەرۆشی گرنگیدانن بە بەرهەمە خۆماڵییەکان لەوبارەیەوە بۆ هاندانی خەڵک بۆ بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانە.

**3.4.2 ڕێگاکانی کارلێککردن لەگەڵ لاپەڕەکانی تایبەت برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان:** زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێی سەرسامبوون بە پۆستەکان کارلێککردنیان هەیە لەگەڵ لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، هەروەک لە خشتەی (7) دا دیارە:

خشتەی (7) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی جۆری کارلێککردن لەگەڵ لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان

| جۆری کارلێککردن | دوبارەبوونەوە | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| سەرسامبوون بە پۆستەکان | 113 | 55.94 |
| توانج دان لە پۆستەکان | 34 | 16.83 |
| بەشداریپێکردنی کەسانی دیکە لە پۆستەکان | 34 | 16.83 |
| دووبارە بڵاوکردنەوەی پۆستەکان | 21 | 10.4 |
| هی دیکە | 0 | 0 |
| **سەرجەم** | **202**[4] | 100 |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

[3] بەکارهێنەران زیاتر لە وەلامێکیان هەڵبژاردووە

[4] بەکارهێنەران زیاتر لە وەلامێکیان هەڵبژاردووە

هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە (55.94%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی سەرسامبوون بە پۆستەکانیان کارلێککردنیان هەیە لەگەڵ ئەو لاپەڕانەی تۆڕی کۆمەڵایەتی کە تایبەتن بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان. وە (16.83%)ی بەکارهێنەرانیش لە ڕێگەی توانج لێدان و بەشداری پێکردنی کەسانی دیکەوە کارلێککردنیان هەیە لەگەڵ ئەو پۆستە بڵاوکراوانەدا. کەچی (10.4%)ی بەکارهێنەران لەڕێی دوبارە بڵاوکردنەوەی پۆستەکانیانەوە کارلێککردنیان هەیە لەگەڵ ئەو لاپەڕانەدا. ئەم ئەنجامانە ئەوە دەردەخەن کە زۆرینەی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشدارن لە برەودان و سەرخستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە نێو بازاڕدا.

**3.4.3 مەبەستی گرنگیدان بە لاپەڕەکانی تایبەت برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان:** بە پێی رای زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (هاندانی هاوڵاتیان بۆ بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان) دیارترین هۆکاری کارلێککردنیانە لەگەڵ لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، هەروەک لە خشتەی (8) دا دیارە:

خشتەی (8) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی مەبەستی گرنگیدان بە لاپەڕەکانی تایبەت برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان

| مەبەست | دوبارەبوونەوە | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| ناساندنی بەرهەمە خۆماڵییەکان | 63 | 28.9 |
| هاندانی هاوڵاتیان بۆ کڕینی بەرهەمە خۆماڵییەکان | 64 | 29.36 |
| کەمکردنەوەی بەکاربردنی بەرهەمە هاوردەکان | 47 | 21.56 |
| دۆزینەوە و دابینکردنی هەلی کار | 22 | 10.09 |
| هی دیکە | 22 | 10.09 |
| **سەرجەم** | **218**[5] | 100 |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە (29.36%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێیانوایە کە هاندانی هاوڵاتیان بۆ کڕینی بەرهەمە خۆماڵییەکان هۆکاری کارلێککردنیانە لەگەڵ لاپەڕەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تایبەت بە برەودان بەو بەرهەمانە. وە (28.9%)ی بەکاهێنەرانیش ناساندنی بەرهەمە خۆماڵییەکان بە هۆکاری کارلێککردنیان دەزانن لەگەڵ پۆستەکانی ئەو لاپەڕانەدا. کەچی (21.56%)ی بەکارهێنەران هۆکاری کارلێککردنەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ کەمکردنەوەی بەکاربردنی بەرهەمە هاوردەکان. لە کاتێکدا (10.09%)ی بەکارهێنەران دۆزینەوە و دابینکردنی هەلی کار بە هۆکاری کارلێککردنیان دادەنێن لەگەڵ ئەو لاپەڕانەدا. بەم ئەنجامەش بێت ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا زۆرینەی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوە خواست و ویستیان زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی و ڕەخساندنی دەرفەتی کارە لە وڵاتدا، کە ئەمەش بەڵگەی بەرزی هۆشیاری ئابوورییە لای تاکی کورد.

**3.5 بەشداریکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان:**

**3.5.1 ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان:** ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، هەروەک لە خشتەی (9) دا هاتووە:

[5] بەکارهێنەران زیاتر لە وەلامێکیان هەڵبژاردووە

خشتەی (9) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان

| برگەکان | پێوانە | وەڵامەکان | | | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | تا رادەیەکی زۆر | تا ڕادەیەک | نەخێر | | |
| ئاشناکردنی هاوڵاتیان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان | دوبارەبوونەوە | 90 | 67 | 17 | 2.42 | 0.44 |
| | ڕێژە (%) | 51.72 | 38.51 | 9.77 | | |
| زیادکردنی هۆشیاری لای هاوڵاتیان بۆ بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان | دوبارەبوونەوە | 106 | 50 | 18 | 2.51 | 0.46 |
| | ڕێژە (%) | 60.92 | 28.74 | 10.34 | | |
| بەدەستهێنانی بەرهەمە خۆماڵییەکان لای هاوڵاتیان | دوبارەبوونەوە | 90 | 71 | 13 | 2.44 | 0.40 |
| | ڕێژە (%) | 51.72 | 6.05 | 7.47 | | |
| بەرزکردنەوەی بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان | دوبارەبوونەوە | 101 | 61 | 12 | 2.51 | 0.89 |
| | ڕێژە (%) | 58.05 | 35.06 | 6.90 | | |
| بەرەوپێشەوەچوونی کەرتە بەرهەمهێنەکان | دوبارەبوونەوە | 99 | 60 | 15 | 2.48 | 0.42 |
| | ڕێژە (%) | 56.9 | 34.48 | 8.62 | | |
| زیادکردنی دەرفەتی کار و کەمکردنەوەی بێکاری | دوبارەبوونەوە | 113 | 42 | 19 | 2.54 | 0.47 |
| | ڕێژە (%) | 64.94 | 24.14 | 10.92 | | |
| **تێکرا** | | | | | **2.48** | **0.51** |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە (51.72%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوەدان تا ڕادەیەکی زۆر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە ئاشناکردنی هاوڵاتیان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان. وە (60.92%)ی بەکارهێنەران لەو بڕاوایەدان کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە زیادکردنی هۆشیاری لای هاوڵاتیان بۆ بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان. هەروەها (51.72%)ی بەکارهێنەران پێیانوایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵیان هەیە لە بەدەستهێنانی بەرهەمە خۆماڵییەکان لای هاوڵاتیان. لە لایەکی دیکەوە (58.05%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڕوایان وایە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵیان هەیە لە بەرزکردنەوەی بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان. هەروەها (56.9%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێیانوایە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵیان هەیە لە بەرەوپێشەوەچوونی کەرتە بەرهەمهێنەکان. هەروەها (64.9%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وا دەبینن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵیان هەیە لە زیادکردنی دەرفەتی کار و کەمکردنەوەی بێکاری.

بەشێوەیەکی گشتی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، بەوپێیەی کە ناوەندە هەژمارییەکەی دەگاتە (2.48) کە زیاترە لە (2) بە لادانی پێوەریی کە (0.51) یە. چونکە بازاڕکردن و ریکلامکردنی بەرهەمەکان لەڕێی ئەم تۆڕانەوە تێچووێکی کەمی هەیە و ئامرازی ئاسانن بۆ ناساندنی بەرهەمەکان بە خەڵک کە ئەمانە دەتوانن بە ئاسانی بەدەستیان بهێنن.

**3.5.2 هۆکارەکانی بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵێک هۆکار هەن وا لە بەکاربەر دەکەن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن بۆ بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان، هەروەک لە خشتەی (10) دا هاتووە:

خشتەی (10) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی هۆکارەکانی بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان

| برگەکان | پێوانە | وەڵامەکان | | | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | تا رادەیەکی زۆر | تا ڕادەیەک | نەخیر | | |
| بەردەوام بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان | دوبارەبوونەوە | 98 | 58 | 18 | 2.46 | 0.46 |
| | ڕێژە (%) | 56.32 | 33.33 | 10.34 | | |
| دەستخستنی شوێن و بازاڕی بەرهەمەکان | دوبارەبوونەوە | 104 | 55 | 15 | 2.51 | 0.42 |
| | ڕێژە (%) | 59.77 | 31.61 | | | |
| نیشاندانی جۆر و خەسڵەتی بەرهەمەکان | دوبارەبوونەوە | 114 | 48 | 8.62 | 2.59 | 0.38 |
| | ڕێژە (%) | 65.52 | 4.09 | 6.9 | | |
| ئاشکراکردنی نرخی بەرهەمەکان | دوبارەبوونەوە | 109 | 52 | 13 | 2.55 | 0.91 |
| | ڕێژە (%) | 62.64 | 29.89 | 7.47 | | |
| هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان لەڕێی کارلێکی بەکارهێنەران | دوبارەبوونەوە | 98 | 60 | 16 | 2.47 | 0.44 |
| | ڕێژە (%) | 56.32 | 34.48 | 9.2 | | |
| ئاسانی و هەرزانی بەدەستهێنانی بەرهەمەکان | دوبارەبوونەوە | 112 | 48 | 14 | 2.56 | 0.41 |
| | ڕێژە (%) | 64.37 | 27.59 | 8.05 | | |
| **تێکرا** | | | | | **2.52** | **0.50** |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە (56.32%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوەدان تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی بەردەوام بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانەوە کاریگەر دەبن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان. وە بە ڕای (59.77%)ی بەکارهێنەران تا ڕادەیەکی زۆر دەستخستنی شوێن و بازاڕی بەرهەمەکان وا دەکەن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن بۆ بەکاربردنی بەرهەمەکان. وە (65.52%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگەڕێننەوە بۆ نیشاندانی جۆر و خەسڵەتی ئەو بەرهەمانە. هەروەها (62.64%)ی بەکارهێنەرانیش تا ڕادەیەکی هۆکاری ئەوە دەگەڕێننەوە بۆ ئاشکراکردنی نرخی بەرهەمەکان. لە لایەکی دیکەوە (56.32%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانەوە بەرهەمەکان بەکاردەبەن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام بەپێی ڕای (64.37%)ی بەکارهێنەران هۆکاری بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا ڕادەیەکی زۆر ئاسانی و هەرزانی بەدەستهێنانی بەرهەمەکانە لەڕێی ئەم تۆڕانەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، کۆمەڵێک هۆکار هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەوپێیەی کە ناوەندە هەژمارییەکەی دەگاتە (2.52) و زیاترە لە (2) بە لادانی پێوەریی (0.50). ئەم ئەنجامانە

ئاماژەی ئەوەن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازی گرنگن بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکان و هەڵسەنگاندنیان لە ڕێگای خوێندنەوەی سەرنج و لێدوان و ئەزموونی بەکارهێنەران لەبارەی بەرهەمی خراوەڕوو.

**3.5.3 هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکان لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** ئەنجامی توێژینەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە کۆمەڵێک هۆکار هەن لە پشت بڵاوکردنەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکان لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەروەک لە خشتەی (11) دا هاتووە:

خشتەی (11) دابەشکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکان لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

| برگەکان | پێوانە | وەڵامەکان | | | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | تا ڕادەیەکی زۆر | تا ڕادەیەک | نەخێر | | |
| کەمی تێچووی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان | دوبارەبوونەوە | 90 | 58 | 26 | 2.37 | 0.53 |
| | ڕێژە (%) | 51.72 | 33.33 | 14.94 | | |
| ئاسانی ناساندنی جۆرێتی بەرهەمەکان | دوبارەبوونەوە | 101 | 55 | 18 | 2.48 | 0.46 |
| | ڕێژە (%) | 58.05 | 31.61 | 10.34 | | |
| فراوانکردنی بازاڕی بەرهەمەکان | دوبارەبوونەوە | 110 | 47 | 17 | 2.53 | 0.45 |
| | ڕێژە (%) | 63.22 | 27.01 | 9.77 | | |
| هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان لەڕێی بەکارهێنەرانەوە | دوبارەبوونەوە | 104 | 53 | 17 | 2.50 | 0.95 |
| | ڕێژە (%) | 59.77 | 30.46 | 9.77 | | |
| پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ پاڵشتیکردنی بەرهەمەکان | دوبارەبوونەوە | 98 | 56 | 20 | 2.45 | 0.48 |
| | ڕێژە (%) | 56.32 | 32.18 | 11.49 | | |
| پەیداکردنی هاوبەش بۆ پرۆژەکانیان | دوبارەبوونەوە | 79 | 66 | 29 | 2.29 | 0.54 |
| | ڕێژە (%) | 45.4 | 37.4 | 16.67 | | |
| **تێکڕا** | | | | | **2.44** | **0.57** |

سەرچاوە: لە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرسیارنامەی بەکارهێنراوی توێژینەوە.

هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە، بەپێی ڕای (51.72%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر کەمی تێچووی بڵاوکردنەوە هۆکاری بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانە لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها (58.05%)ی بەکارهێنەران پێیانوایە کە تا ڕادەیەکی زۆر ئاسانی ناساندنی جۆرێتی بەرهەم وا لە فرۆشیار دەکەن کە بەرهەمەکانیان بلاوبکەنەوە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. وە بە گوێرەی (63.22%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر فراوانکردنی بازاڕی بەرهەمەکان هۆکارێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. هەروەها (59.77%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێیانوایە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان لەڕێی بەکارهێنەرانەوە فرۆشیار بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. وە (56.32%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وای بۆ دەچن کە تا ڕادەیەکی

زۆر پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ پاڵشتیکردنی بەرهەمەکان هۆکارە لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام (45.4%)ی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وا دەبینن لە پێناو پەیداکردنی هاوبەش بۆ پرۆژەکانیان فرۆشیاران بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵیان ئاسانی و هەرزانی بەدەستهێنانی بەرهەمەکان.

بەشێوەیەکی گشتی، کۆمەڵێک هۆکار هەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەوپێیەی کە ناوەندە هەژمارییەکەی دەگاتە (2.44) و زیاترە لە (2) بە لادانی پێوەریی (0.57). ئەم ئەنجامانە ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکار و ئامرازی زۆر گونجاون بۆ ئاسانی ناساندنی جۆرێتی بەرهەمەکان، فراوانکردنی بازاڕییان، هەڵسەنگاندنیان لەڕێی بەکارهێنەرانەوە، پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ پاڵشتیکردنی ئەو بەرهەمانە، وپەیداکردنی هاوبەش بۆ پرۆژەکان.

**4. دەرئەنجام و پێشنیارەکان:** دوای کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان، توێژینەوە بە ژمارەیەک دەرئەنجام گەیشت و ژمارەیەک پێشنیاریش لەوبارەیەوە دەخاتەڕوو کە ئەمانەن:

**4.1. دەرئەنجامەکان:** ئەمانەی خوارەوە گرنگترینی ئەو دەرئەنجامانەن کە توێژەران پێی گەیشتوون:

1. زۆربەی هەرە زۆری بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆڕی کۆمەڵایەتی فێسبووک بەکاردەهێنن. ئەمەش بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەم جۆرە تۆڕانە گشتگیرترن وبەکارهێنەران دەتوانن زیاتر چێژیان لێوەرگرن و خۆشی و ڤیدیۆ و گردبوونەوە و تایبەتمەندیەکانی دیکەی تێدایە.
2. زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی پەیداکردنی زانیارییەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا تاکی کورد وەک پێویست نەتوانیوە سوود لەو تۆڕانە ببینێت بۆ بەدەستهێنانی کاڵاکان و زیادکردنی فرۆشی بەرهەمەکان.
3. زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوەدان گرنگی بدرێت بەو لاپەڕانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە تایبەتن بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، ئەمەش پەرۆشی هاوڵاتیان پیشان دەدات بۆ زیادبوونی بەرهەمە خۆماڵییەکان و ڕادەی بەکاربردنیان.
4. زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانەن کە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان بەسەردەکەنەوە. وە بەشێکی زۆریان لەڕێی سەرسامبوون بە پۆستەکان کارلێککردنیان هەیە لەگەڵ ئەو لاپەڕانەدا. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی پەرۆشی گرنگیدانن بە بەرهەمە خۆماڵییەکان لەوبارەیەوە بۆ هاندانی خەڵک بۆ بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانە، واتا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوان بەشدارن لە برەودان و سەرخستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە نێو بازاڕدا.
5. بە پێی ڕای زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (هاندانی هاوڵاتیان بۆ بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان) دیارترین هۆکاری کارلێککردنیانە لەگەڵ لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان. کە ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تاکەکانی کورد خواست و ویستیان زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی و ڕەخساندنی دەرفەتی کارە لە وڵاتدا، کە ئەمەش بەڵگەی بەرزی هۆشیاری ئابوورییە لای تاکی کورد.
6. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی باشیان هەیە لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، چونکە بازاڕکردن و ریکلامکردنی بەرهەمەکان لەڕێی ئەم تۆڕانەوە تێچووێکی کەمی هەیە و ئامرازی ئاسانن بۆ ناساندنی بەرهەمەکان بە خەڵک کە ئەمانە دەتوانن بە ئاسانی بەدەستیان بهێنن.
7. کۆمەڵێک هۆکار هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەک ناساندن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکان و هەڵسەنگاندنیان لە ڕێگەی خوێندنەوەی سەرنج و لێدوان و ئەزموونی بەکارهێنەران لەبارەی بەرهەمی خراوەڕوو.

8. کۆمەڵێک هۆکار هەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەک ئاسانی ناساندنی جۆرێتی بەرهەمەکان، فراوانکردنی بازاڕییان، هەڵسەنگاندنیان لەڕێی بەکارهێنەرانەوە، پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ پاڵشتیکردنی ئەو بەرهەمانە، وپەیداکردنی هاوبەش بۆ پرۆژەکان.

**4.2 پێشنیارەکان:** بە پشت بەستن بە ئەنجامەکان و دەرئەنجامەکانی توێژینەوە، توێژەران بە باشیان زانی ئەم پێشنیاران بخەنەڕوو:

1. پێویستە حکومەت لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکانەوە هانی خەلک بدات پاڵپشتی بەرهەمە خۆماڵییەکان بکەن.
2. پێویستە دامودەزگاکانی تایبەت بە بەرهەمە خۆماڵییەکان، بەرهەمهێنە ناوخۆییەکان ناچار بکات کە پێگە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن بۆ ناسانی بەرهەمەکانیان و فراوانکردنی بەشە بازاڕیان.
3. واباشترە ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی تایبەتن بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان لەلایەن حکومەت سەرپەرشتی بکرێت تاکو ئەو بەرهەمانە تێدا بخرێنەروو بۆ بەکاربەرەکان.
4. لە زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانە و قوتابیان هان بدرێن بۆ بەکارهێنانی و پاڵپشتیکردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان.
5. لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا ئەوانەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بەکاردەهێنن زیاتر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکان بدەن و لایک و کومێنتی بۆ بکەن بۆ زیادکردنی هوشیاری لای خەڵک لەبارەی بەکارهێنانی بەرهەمی خۆماڵی.
6. بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، گشت تاکێک ھاندەر بێت بۆ بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان.

## سەرچاوەکان:

**بە زمانی ئینگلیزی:**


- Awad, Hosni (2011), The Impact of Social Networking Sites in the Development of Social Responsibility Among Young People, Research publication, Jerusalem: Al-Quds Open University.
- Belton, Melannie (2011), Domestic vs. Foreign Origin, https://www.census.gov/newsroom/blogs/global-reach/2011/12/domestic-vs-foreign-origin.html.
- Frimpong, Samuel Kwadwo (2011), A Comparison of Effect Between Domestic versus Foreign Brands on Consumer Purchasing Decision in Ghana, Proceedings of the 8th International Conference on Innovation & Management, November 30-December 2, 2011, Kitakyushu, Japan.
- Liow, Christiani, Mekel, Peggy A., and Tielung, Maria V. J. (2014), Analysis consumer preferences for brand image of foreign and domestic dairy products in MANADO, Jurnal EMBA, Vol.2, No.3 September 2014, pp 709-715.
- Santhosh K (2021), Foreign products are better perceived by emerging markets consumers than local products, https://www.academia.edu/37763240/Foreign_products_are_better_perceived_by_emerging_markets_consumers_than_local_products.


**بە زمانی عەرەبی:**


- أحمد، السيد على عثمان (2018)، دور شبكات التواصل الاجتماعى فى تسويق خدمات الجمعيات الأهلية: دراسة من وجهة نظر الخدمة الاجتماعية، مجلة كلية الخدمة الاجتماعية للدراسات والبحوث الاجتماعية - جامعة الفيوم، المجلد 10، العدد 10، ص ص 11-47.
- إسماعيل، عموري وأحمد، بوعرار شمس الدين (2019)، أثر التسويق عبر شبكات التواصل الاجتماعي على الولاء للعلامة التجارية: دراسة ميدانية على عينة من زبائن علامة Mobilis، حوليات جامعة بشار في العلوم الاقتصادية، المجلد 6، العدد 1، ص ص 35-78.
- الجنابي، يزن سالم محمد (2011)، استراتيجيات المزيج التسويقي ودورها في تحديد سلوك المستهلك العراقي تجاه المنتجات المحلية: دراسة ميدانية في معمل الألبسة الرجالية في النجف الاشرف، رسالة مقدمة إلى قسم إدارة الاعمال في كلية الإدارة والاقتصاد في جامعة كربلاء وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير / في علوم إدارة الأعمال
- حميدة، بن يحي و عبدالمجيد، أونيس (2020)، دور مواقع التواصل الإجتماعي في التأثير على القرار الشرائي للمستهلك عبر الأنترنت: دراسة عينة من المستهلكين الجزائريين عبر مواقع التواصل الإجتماعي، Revue des Réformes Economiques et Intégration En Economie Mondiale,Vol. 14, No. 1, pp 1-14.

- خاف الله، منال (2019)، أثر التسويق عبر مواقع التواصل الإجتماعي على قرار الشراء لدى المستهلك عبر صفحتها على Condor دراسة تحليلية لأراء عينة من مستهلكي منتجات مؤسسة Facebook، مذكرة تخرج مقدمة الى قسم علوم التسيير في كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسييربجامعة 8 ماي 1945 قالمة لاستكمال متطلبات نيل شهادة ماستر في علوم التسيير.
- خضر، محمد (2020)، إدارة المنتج والعلامة التجارية، الجامعة الإفتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.
- الخياط، عدنان حسين الخياط (2020)، اشكالية المفاضلة بين المنتج المحلي والمنتج المستورد للمشتريات الحكومية في العراق، http://kerbalacss.uokerbala.edu.iq/.
- الرفاعي، أشرف عبد الرحيم (2019)، دور شبكات التواصل الاجتماعي في الترويج الإعلامي للسياحة في الأردن من وجهة نظر السائحين المحليين والعرب، رسالة مقدمة الى قسم الصحافة والإعلام في كلية الإعلام بجامعة الشرق الأوسط كجزء من متطلبات شهادة الماجستير في الإعلام.
- زعلان، عبد الفتاح جاسم، وطالب، علاء فرحان، والطائي، فيصل علوان صاحي (2015)، دور شبكات التواصل الاجتماعي في تعزيز ثقة الزبون: دراسة تحليلية لأراء عينة من مديري شركات الهاتف النقال في العراقق زين، اسيا سيل، كورك، أتصالنا، المجلة العراقية للعلوم الادارية، المجلد 11، العدد 46، ص ص 1-25.
- سعايدية، فوزية (2016)، الى قسم العلوم الإنسانية في كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية بجامعة العربي بن مهيدي أم البواقي كمذكرة مكملة لنيل شهادة الماستر في علوم الإعلام والاتصال.
- شباح، محمد وسعداوي، موسى (2019)، التسويق الاكتروني عبر وسائل التواصل الاجتماعي وتأثيره على السلوك الشرائي للمستهلك: دراسة عينة من مستخدمي شبكات التواصل الاجتماعي في الجزائر، Revue des Réformes Economiques et Intégration En Economie Mondiale,Vol. 13, No. 1, pp 234-250.
- الشهري، حنان بنت شعشوع (2012)، أثر استخدام شبكات التواصل الإلكترونية على العلاقات الاجتماعية (الفيس بوك وتويتر نموذجا): دراسة ميدانية على عينة من طالبات جامعة الملك عبد العزيز بجدة، مشروع بحث مقدم الى قسم الاجتماع والخدمة الاجتماعية في كلية الآداب والعلوم الإنسانية بجامعة الملك عبد العزيز ضمن متطلبات الحصول على درجة الماجستير في علم الاجتماع.
- الصاعدي، سلطان مسفر مبارك (2011)، الشبكات الاجتماعية خطر أم فرصة؛ بحث مقدم لشبكة الألوكة المسابقة الثائية، فرع الدراسات والأبحاث، المملكة العربية السعودية- المدينة المنورة.
- الطيب، بلوصيف وهادية، دراجي (2018)، العوامل المؤثرة على اتجاهات المستهلك الجزائري نحو المنتج المحلي: دراسة ميدانية على عينة من المستهلكين، مجلة التنمية وإدارة الموارد البشرية، المجلد 4، العدد 7، ص ص 1-22.
- عثمان، محاسن فقير عيسى (2018)، توظيف الإعلام الرقمي في الترويج للسياحى الأثرية: دراسة وصفية تطبيقية على وزارة السياحة والأثار والحياة البرية في الفترة (يناير1-2017- ديسمبر 2018)، رسالة مقدمة الى كلية الإعلام بجامعة إفريقيا العالمية كجزء من كمتطلبات نيل شهادة الماجستير في الإعلام.
- العجال، عدالة و كريمة، كريمة (2015)، دور شبكات التواصل الاجتماعي في تسويق المنتجات السياحية: دراسة إحصائية تحليلة، مجلة الاست راتجية والتنمية العدد 8.
- العلاق، بشير عباس (2010)، الترويج والإعلان التجاري، دار اليازوري العالمية للنشر، عمان.
- العنزي، موضي بنت شليويح (2017)، دور شبكات التواصل الاجتماعي في السلوك الاستهلاكي لدى الأسرة في مدينة الرياض، شؤون اجتماعية، السنة 34، العدد 136، ص ص 145-193.
- القرشي، ظاهر و الكيلاني، ياسمين (2015)، أثر شبكة التواصل الاجتماعي على عملية اتخاذ القرار الشرائي للمستهلك في مدينة عمان، مجلة جامعة النجاح للأبحاث (العلوم الانسانية)، المجلد 29، العدد 12، ص ص 2410-2442.
- كاتب، سعود صالح (2011)، الاعلام الجديد وقضايا المجتمع التحديات والفرص، المؤتمر العالمي الثاني للإعلام الإسلامي، جامعة الدلك عبد العزيز، جدة، يومي 13-15 ديسمبر 2011.
- كلين، تيم (2008)، العودة إلى الأساسيات: ما هو الناتج المحلي الإجمالي؟ التمويل و التنمية، المجلد 45، العدد 4، ص ص 48-49.
- محمد، خالدي و طارق، هزرشي (2022)، نحو قياس تأثير جودة المنتج المحلي على سلوك المستهلك الجزائري: دراسة حالة عينة من طلبة كلية العلوم الاقتصادية والعلوم التجارية وعلوم التسيير بجامعة الجلفة تجاه منتج الهاتف النقال كوندور نموذجا، مجلة المنهل الإقتصادي، المجلد 5، العدد 1، ص ص 163-176.
- مخلوف،أسماء (2019)، دور مواقع التواصل الاجتماعي في تسويق المنتجات اليدوية للمرأة الماكثة في البيت: دراسة ميدانية على عينة من عضوات "صفحة حراير بسكرة" على الفيسبوك، مذكرة ماجستير في علوم الإعلام والاتصال.قسم العلوم الانسانية في كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية بجامعة محمد خيضر بسكرة.

- معتوق، خالد بن سليمان (2013)، اتجاهات استخدام طلاب قسم علم المعلومات بجامعة أم القرى لمواقع التواصل الاجتماعية (دراسة تحليلية)، مجلة أعلم، المجلد 2013، العدد 12، ص ص 162-194.
- مليكة، حاسي (2016)، مواقع التواصل الاجتماعي والتسويق التجاري: دراسة في الأهمية والمميزات، مجلة الحوار الثقافي، المجلد 5، العدد 1، ص ص 272-281.
- نعيم، وفاء محمد جبر (2017)، دور شبكات التواصل الاجتماعي في تشجيع المنتج الفلسطيني لدى طلبة الجامعة الإسلامية بقطاع غزة: دراسة حالة المنتجات الغذائية 2016-2017، بحث مقدم الى كلية التجارة بجامعة الإسلامية – غزة اِستكمالاً لمتطلبات الحُصول على درجة الماجِستِيرِ في اقتصاديات التنمية.
- النقشبندي، فارس محمد فؤاد (2021)، التسويق عبر موقع التواصل الأ جتماعي ال (Facebook) ودوره في تنمية وعي المستهلك: دراسة أستطلاعية تحليلية لآراء عينة من مستهلكي السلع المعمرة في مركز مدينة دهوك، المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز (گوڤارا ئەكاديمى يا زانكويا نەوروز)، المجلد 10، العدد 1، ص ص63 -79.
- هادية، دراجي (2021)، اتجاهات المستهلك الجزائري نحو شراء المنتج الغذائي الجزائري: دراسة تحليلية و ميدانية لحملة نستهلك جزائري، مذكرة مقدمة الى قسم علوم الإعلام والاتصال في كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية بجامعة محمد لمين دباغين سطيف 2 كجزء من متطلبات نيل شهادة الدكتوراه في علوم الإعلام والاتصال.

**فۆرمی پرسیارکردن**

**یەکەم: زانیاری سەرەتاییەکان (کەسێتی):**

| 1. ڕەگەز: | 2. تەمەن: | 3. ئاستی خوێندن: | 4. پیشە: |
|---|---|---|---|
| - نێر (   ) | - کەمتر لە (20) ساڵ (   ) | - سەرەتایی (   ) | - فەرمانبەر (   ) |
| - مێ (   ) | - (20-24) ساڵ (   ) | - ناوەندی (   ) | - خاوەن کار (   ) |
| | - (25-29) ساڵ (   ) | - ئامادەیی (   ) | - قوتابی (   ) |
| | - (30-34) ساڵ (   ) | - دبلۆم (   ) | - خانەنشین (   ) |
| | - (35-39) ساڵ (   ) | - بەکالۆریۆس (   ) | - بێکار (   ) |
| | - (40-44) ساڵ (   ) | - دکتۆرا و ماستەر (   ) | - هی دیکە (   )، بنووسە....................................... |
| | - (45-49) ساڵ (   ) | | |
| | - (50) ساڵ و زیاتر ساڵ (   ) | | |

**دووەم: بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

**1.** کام لەم تۆڕانەی خوارەوە بەکاردەهێنی؟
- فێسبووک (   )
- تویتەر (   )
- یوتیوب (   )
- ئینستاگرام (   )
- تیک تۆک (   )
- سناپ چات (   )
- هی دیکە (   )، بنووسە.......................................

**2.** ڕۆژانە چەند کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەسەردەکەیەوە؟
- کەمتر لە (1) کاتژمێر (   )
- (1 – 3) کاتژمێر (   )
- (4 – 6) کاتژمێر (   )
- (6) کاتژمێر و زیاتر (   )
- دیاریکراو نییە (   )

**3.** بۆ چ مەبەستێک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەسەردەکەیەوە؟

- پەیوەندیگرتن لەگەڵ خزم و هاوڕێیان (   )
- پەیداکردنی زانیاری (   )
- خوێندن و توێژینەوە (   )
- ریکلام و ئابووری (   )
- فێربوون و وەرگرتنی ئەزموون (   )
- کڕینی کاڵا و بەرهەمەکان (   )
- چێژوەرگرتن (   )
- هی دیکە (   )، بنووسە.........................................

**سێیەم: گرنگیدان بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بەرهەمە خۆماڵییەکان:**

| ژ | پرسیارەکان | تا رادەیەکی زۆر | تا رادەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئایا پێویستە تاکەکان گرنگی بدەن بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟ | | | |
| 2 | ئایا گرنگی دەدەی بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟ | | | |
| 3 | ئایا لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان بەسەردەکەیەوە؟ | | | |

**چوارەم: شێواز و مەبەستی گرنگیدان بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بەرهەمە خۆماڵییەکان:**

**1.** بە چ شێوازێک گرنگی دەدەی بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بەرهەمە خۆماڵییەکان؟

- بەسەرکردنەوەی لاپەڕەکان (   )
- کارلێککردن لەگەڵ لاپەڕەکان (   )
- هی دیکە (   )، بنووسە.........................................

**2.** بە چ رێگایەک کارلێک دەکەی لەگەڵ لاپەڕەکانی تایبەت برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟

- سەرسامبوون بە پۆستەکانیان (   )
- توانج دان لە پۆستەکانیان (   )
- بەشدارپێکردنی کەسانی دیکە لە پۆستەکانیان (   )
- دووبارە بڵاوکردنەوەی پۆستەکانیان (   )

**3.** بۆ چ مەبەستێک گرنگی دەدەی بە لاپەڕەکانی تایبەت بە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟

- ناساندنی بەرهەمە خۆماڵییەکان (   )
- هاندانی هاوڵاتیان بۆ کڕینی بەرهەمە خۆماڵییەکان (   )
- کەمکردنەوەی بەکاربردنی بەرهەمە هاوردەکان (   )
- دۆزینەوە و دابینکردنی هەلی کار (   )
- هی دیکە (   )، بنووسە.........................................

**پێنجەم: بەشداریکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان:**

**1.** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کام لە رۆڵانە دەبینێت لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان؟

| ژ | رۆڵەکان | بە تەواوی هاوڕام | تا رادەیک هاوڕام | هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشناکردنی هاوڵاتیان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 | زیادکردنی هۆشیاری لای هاوڵاتیان بۆ بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان | | | |
| 3 | بەدەستهێنانی بەرهەمە خۆماڵییەکان لای هاوڵاتیان | | | |
| 4 | بەرزکردنەوەی بەکاربردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان | | | |
| 5 | بەرەوپێشەوەچوونی کەرتە بەرهەمهێنەکان | | | |
| 6 | زیادکردنی دەرفەتی کار و کەمکردنەوەی بێکاری | | | |

**.2** چ هۆکارێک وا لە بەکاربەر دەکات بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرهەمە خۆماڵییەکان بەکاربهێنێت؟

| **ژ** | **هۆکارەکان** | **بە تەواوی هاوڕام** | **تا ڕادەیک هاوڕام** | **هاوڕانیم** |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان | | | |
| 2 | دەستخستنی شوێن و بازاڕی بەرهەمەکان | | | |
| 3 | نیشاندانی جۆر و خەسڵەتی بەرهەمەکان | | | |
| 4 | ئاشکراکردنی نرخی بەرهەمەکان | | | |
| 5 | هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان لەڕێی کارلێکی بەکارهێنەران | | | |
| 6 | ئاسانی و هەرزانی بەدەستهێنانی بەرهەمەکان | | | |

**.3** چ هۆکارێک وا لە بەرهەمهێنەری خۆماڵ دەکات لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە؟

| **ژ** | **هۆکارەکان** | **بە تەواوی هاوڕام** | **تا ڕادەیک هاوڕام** | **هاوڕانیم** |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەمی تێچووی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان | | | |
| 2 | ئاسانی ناساندنی جۆرێتی بەرهەمەکان | | | |
| 3 | فراوانکردنی بازاڕی بەرهەمەکان | | | |
| 4 | هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان لەڕێی بەکارهێنەرانەوە | | | |
| 5 | پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ پاڵشتیکردنی بەرهەمەکان | | | |
| 6 | پەیداکردنی هاوبەش بۆ پرۆژەکانیان | | | |

**دور الشبكات الاجتماعية في ترويج المنتجات المحلية**

دراسة ميدانية بإختيار عينة من مستخدمي الشبكات الاجتماعية في اربيل في عام 2022

**م. د. امير سليم محمد**
قسم المالية والمصرفية - كلية الإدارة والإقتصاد / جامعة صلاح الدين
ameer.muhammed@su.edu.krd

**أ. م. ادريس سليمان عبدالله**
قسم الاقتصاد - كلية الإدارة والإقتصاد / جامعة صلاح الدين
idrees.abdullah@su.edu.krd

**المستخلص**

تهدف الدراسة التعرف على مدى إستخدام الشبكات الاجتماعية من قبل الأفراد وتحديد مساهمة هذه الشبكات في ترويج المنتجات المحلية. اعتمدت الدراسة على إستمارة إستبيان للحصول على بيانات من خلال أخذ عينة مكونة من 174 فردا يستخدمون شبكات التواصل الاجتماعي في أربيل لعام 2022. هذه الدراسة عبارة عن دراسة وصفية تعتمد على طريقة المسح. توصلت الدراسة إلى عدة استنتاجات أهمها: يهتم الفرد الكوردي بصفحات الشبكات الاجتماعية المخصصة لترويج المنتجات المحلية، تلعب الشبكات الاجتماعية دورا جيدا في ترويج هذه المنتجات، كما تعد الشبكات الاجتماعية وسائل مهمة لزيادة استهلاك المنتجات المحلية من قبل المواطنين، ومن خلالها يمكن للبائعين ترويج منتجاتهم المحلية. أخيرا تقدم الدراسة عددا من التوصيات أهمها: أنه من المهم جدا أن تشجع الحكومة الناس على دعم الإنتاج المحلي من خلال الشبكات الاجتماعية. من الأفضل أيضا للأفراد استخدام الشبكات الاجتماعية التي تروج المنتجات المحلية من خلال الإعجاب بها والتعليق عليها من أجل تشجيع الأفراد على شراء هذه المنتجات.

**الكلمات المفتاحية:**
الشبكات الاجتماعية، المنتج المحلي، الترويج، تسويق المنتجات.

**The role of social networks in promoting local products**

A field study by taking a sample of social network users in Erbil for 2022

**Ameer Saleem Muhammed**
Department of Finance and Banking, College of Administration and Economics, Salahaddin University-Erbil
ameer.muhammed@su.edu.krd

**Idrees Sulaiman Abdullah**
Department of Economics, College of Administration and Economics, Salahaddin University-Erbil
idrees.abdullah@su.edu.krd

**Abstract**

The aim of this study is to identify the extent of users of social networks by individuals and to determine the contribution of these networks in the promotion of domestic products. The study relies on a questionnaire to obtain data by recruiting 174 individuals who use social networks in Erbil for 2022. This study is a descriptive study that relies on a survey method.

The study reached several conclusions, the most important of which are; Kurdish individuals pay attention to the pages of social networks that are dedicated to the promotion of domestic products, social networks have a good role in promoting domestic products, social networks are the reason for increasing the consumption of domestic products Share it.

Finally, the study offers a number of recommendations, most importantly, it is very important for the government to encourage people to support domestic production through social networks. It is also better for individuals to use social networks that promote local products by liking and commenting on them in order to encourage individuals to buy these products.

**Keywords:** Social networks, local products, promotion, and product marketing.